www.kurdistannet.org
21-4-2003 23:08

# با چیتر ناوی پێشمەرگە بەد ناو نەكرێت

سۆران جەمال -چەمچەماڵ



ئەوەی لە كاتی ئازاد كردنی كەركوك دا جارێكی دیكە دێوەزمەی عەقڵیەتی تەسكی حیزبی و پاوان كردنی ناوچەكان و خۆسەپاندنی هێنایەوە گۆڕێ ئەو دیمەن و وێنانە بوون كە بەدیار سەدان كەناڵی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە بەهەموو كەلەبەرێكی ئەم جیهانەدا بلاّو كرایەوە. ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ كەرۆژی ئازادی كەركوك بوو لەدەستی ئەو ڕژێمەی كە هیچ تاوانێك نەما بەرامبەر بە كوردی بكات، بەلاّم ئەو ڕۆژە بەداخەوە لە پێشبركێیەكی سەد مەتری دەچوو لە نێوان هێزە كوردیەكاندا. لێرەدا بە ویژدانەوە تەنها چەند دیمەنێك بۆ خوێنەری بەڕێز دەگێڕمەوە تاوەكو وێنای ڕووداوەكانی لەلا باشتر روون بێت. ئەو ڕۆژە ئێمە كۆمەڵێك گەنجی كەركوكی بووین كە پێشتر لە و شارە راگوێزرابووین و لە ئۆردوگای زۆرە ملیەی شۆرش لە چەمچەمال نیشتە جێ كرابووین. دەمانویست لە هەنگاوەكانی رزگاری كەركوك دا بەشداربین. پێشتر بیستبوومان كە پارتی و یەكێتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان نانێرنە ناو كەركوك تاوەكو ئالۆزی هەرێمایەتی واتە توركیا زیاتر نەكەن و كێشە دروست نەكرێت، بەلاّم اوڕێگای سەرەكی چەمچەمال كەركوك هەزاران پێشمەرگەی (ی. ن. ك) مان بینی كە بە جامانەی رەش و ئالاّی سەوزەوە لە هەموو لایەكەوە دەڕژانە ناو شاری كەركوكەوە و بەوەش وەها تێگەیشتین كە ئیتر رەنگە كورد گوێ بە عەقڵیەتی تەسكی حیزبی نەداو هەمووان هەوڵی پاراستنی دام و دەزگا حكومی و خزمەتگوزارییەكان بین، لەگەڵ یەكێتی دا ژمارەیەك هێزی پارتیمان بینی كە لەدەروەی كەركوك راوەستا بوون وامان زانی كە ئەوانیش دینە ناو كەركوكەوە بەلاّم دواتر دەركەوت كە ئەوان تەنها لە دبس و پردێ گیرسابوونەوەو خەلكانی پارتی دەیانگوت وێستگەی سەرەكی كارەبای دبسمان پاراستووەو وەك خۆی ماوەتەوەو و ئیتر پێویستیمان بە كارەبای دوكان و دەربەندیخان نابێت، كە لەناو كەركوك لەگەڵ هاوریێدێرینەكانمان لە ئیمام قاسم و رەحیماوا و تەپەی مەلا عەبدوللاّو شۆرجەو ئازادی یەكترملان گرتەوە فرمێسكی شادی بە چاوانمان دەهاتنە خوارەوە، هەر زوو بریارمان دا بكەوینە ڕووخاندنی پەیكەرو وێنەی سەدامی خوێنمژ، چووینە لای پارێزگای كەركوك كە پەیكەرێكی گەورەی سەدامی لێ بوو زۆرمان هەوڵدا بۆمان نەشكا، ئۆتۆمبیلێك بە ئالاّی سەوزەوە هات و داوامان كرد هاوكاریمان بكات بەلاّم گوتیان مەجالمان نیە و زۆر بەخێرایی تێپەڕین، ئێمەش ژمارەی ئۆتۆمبیلەكەمان گرت و بەڵێنمان دا كە بەرپرسانی یێ. ن. ك ئاگاداربكەینەوە كە بەداخەوە دەمانویست لە قودسی كوردستان پەیكەری سەدام بڕوخێنین بەلاّم لە بەر شڕەخۆری و ڕاووڕووت هەندێ نەفس نزم بەناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە بۆ رووخاندنی پەیكەری دیكتاتۆر هاوكاریان نەكردین.

دواتر بە هەرجۆرێك بێت پەیكەرەكەمان ڕووخاند و بووە هەل هەلەی خۆشی. بەلاّم دیسان شەڕە پەڕۆو ململانێ ی نێوان لایەنگرانی حیزبەكان و هەوڵەكانیان بۆ گرتنی زۆرترین بارەگا و شەكاندنەوەی ئالاّی سەوزو زەردو سورو شین لە جیاتی ئالاّی كوردستان هێندەی دیكە بێ ئومێدی كردین. ئەو عەقڵیەتە تەسكە زادەی رۆحیەتی خۆ بە زل زانین و خۆ بە پیرۆز زانینە لە ئاست موقەدەراتی گەلدا. هەر ئەو بیرە تەسكە بوو بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێ بەرێك و پێكی كۆنترۆلی ئەمنیەتی ناو شار بكرێ و دیاردەی دزی و راووروت پەرەبسێنێت، بەو پێیەی كە هێزی ی. ن. ك زۆرترین هێزو یەكەم هێزی كوردی بوو لەناو كەركوك دا بۆیە هەموو لا دەمیان لەیەكێتی و هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو كە ئاستێك بۆ ئەو تالاّن و بڕۆیە دابنێن بەلاّم بەداخەوە زورێك لە فەرماندەكانمان دەبینی زیارت سەرقاڵی ئەوەبوون كە چۆن بارەگایەكی زیاتر بگرن و ئالاّیەكی پێدا بكەن یان ماڵێ ئیستیخبارات و ئەمنێك بۆ خۆیان حیجز بكەن، و سەرو ماڵێ هاولاّتیانیان لەبیر چوو بوویەوە.

**بۆیه جێگەی خۆیەتی کە هێزە سیاسیەکان بە خۆیاندابچنەوەو خۆیان لە و نەفس نزمانە پاك بکەنەوە کە لە پەنا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە یاری بە خوێنی شەهیدان و ئایندەی کوردستان دەکەن و هەمووسان هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی چیتر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بەد ناو نەکرێت.**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت